# مەسعود بارزانی و زەمانەتەکانی بۆش؟

محسن کریم10-11-2005

دوای کۆبوونەوەکەی لەگەڵ جۆرج بۆشدا، مەسعود بارزانی ئەوەی راگەیاند کە تەزمیناتی تەواوی لە سەرۆك بۆش وەرگرتوە. دەزگای راگەیاندنی پارتیش ویستی ئەم قسەیەی مەسعود بارزانی وەکو چرای سەوزی ئەمریکا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی نیشان بدات، کە ئیمتیازەکەی دراوەتە دەستی مەسعود بارزانی.
ئەو قسەیەی مەسعود بارزانی دوای کۆبوونەوە رۆژنامەوانیەکەی بوو کە بە جلی کوردیەوە لەگەڵ جۆرج بۆش ئەنجامی دا وتێیدا بارزانی بە زمانی کوردی قسەی دەکرد. دەزگاکانی راگەیاندنی پارتیش لەمە هەرایەکیان ساز کردو تەفسیری سیاسیو ستراتیژی بۆ دەکەن.
بێگومان هیچ حیکمەتێكو هیچ ئیمتیازێکی سیاسی بۆ ناسیۆنالیزمی کوردو پارتیش لەوەدا نیە کە مەسعود بارزانی، لەو کۆبوونەوە رۆژنامەوانیەدا بە زمانی کوردی قسەی کردووە، چونکە مەسعود بارزانی زمانی ئینگلیزی نازانێت. یان دەبوو بە عەرەبی قسەی بکردایە یان بە کوردی! بەڵام هەڵبژاردنی زمانی کوردیو دەرکەوتن بە جلی کوردیەوە، هەم بۆ مەسعود بارزانی و هەم بۆ جۆرج بۆش بۆ تەفرەدانی خەڵك بایەخی هەیە!
جۆرج بۆش رۆژبەرۆژ مەشروعیەتی شەڕەکەیو درێژەکێشانی داگیرکاری عێراق لە ئاستی رای گشتی نێوخۆی ئەمریکادا، سەرەڕای ئاستی جیهانی، روو لەخوار دەبێتەوە. مانگو ووردەیەك لەمەوبەر لەزۆرێك لە شارە گەورەگانی ئەمریکا، هاوکات لەگەڵ شارە گەورەگانی زۆرێك لەووڵاتانی دنیا، خۆپیشاندانی نارەزایەتی دژی شەڕو داگیرکردنی عێراق بەرپا کرا. سیناریۆی گاڵتەجارانەی ریفراندۆم لەسەر دەستور کە بۆ ئەمریکا کەمپێنێکی سیاسی بوو لە زنجیرەی هەوڵەکانی بۆ مەشروعیەت بەخشین بەسیاسەتی شەڕو داگیرکاری لە عێراق، تووشی ریسوایی هات! کارتی"دیموکراتیزەکردنی عێراق" لەسەر دەستی ئەمریکادا بە شکستی گاڵتەجاریەکەی دەستور، هەنگاوێکی دیکەی بەرەو ئێکسپایەربوون هاویشت!
لە حاڵێکی وادایە کە جۆرج بۆش پێویستی بەوە هەیە روخسارێکی ئینسانیو دیفاع لە زۆرلێکراوان بدات بە شەڕەکەی. هەر بەم پێیەش زەرورەتی مانەوەی لەعێراق بۆ تەواوکردنی ئەم "ئەرکە ئینسانیە" بە خەڵك قبوڵ بکات! ئەوەتا هاوکاتی ئەم سیناریۆیانە، سەدامی جەللادی خەڵکی عێراقیان هێنایە سەر شاشەی تەلەفزیۆن بۆ دادگایی کردن! جۆرج بۆش ویستی ئەوە بە خەڵکی نارازیو ئازادیخوازی ئەمریکا و جیهانیش بڵێ کە ئەو سەدامە تاوانبارەی کە تەنها لەسەر لەبەرکردنی ئەم جلانە کە لەبەری مەسعود دایە خەڵکی ئیعدام دەکرد، ئێستا بە فەزڵی بڕیاری

سیاسی حەکیمانەی ئەو لەقەفەسی دادگایی‌دا راوەستاوە. ئەمە پەیامی جۆرج بۆش بوو لەو سیناریۆیەو نەك هیچی دیکە!

بەڵام بۆ مەسعود بارزانیش لە دوو لاوە بایەخی هەیە: یەکێکیان ئەوەیە کەپێنەی بەشداری نەکردنی خەڵك بکات لە ریفراندۆم بۆ دەستور، چونکە پێیان وابوو بە لێشاو خەڵکی کوردستان روو دەکەنە سندوقەکانی دەنگدان بۆ سەرخستنی ئەوان. پەیامی مەسعود بارزانی بۆ خەڵکی کوردستان ئەوەی کە پێیان بڵێ ئەو وەکو سەرۆکی ئەوان لەلایەن سەرۆکی وولاتێکی زلهێزی دنیاوە پێشوازیی لێکراوە! بەڵێنی دامەزراندنی دەوڵەتی پێدراوە، واتە ئەو خواستەی کە خەڵك دەیانەوێ!

ئەوی دیکەیان رووی لە تاڵەبانی، مونافیسی دێرینەیەتی! دەیەوێ ئەوەی پێی بڵێت کە "من وەکو سەرۆکی کوردستان، کە 40 ساڵە لەسەر ئەم پۆستە شەڕمان لەگەڵدا دەکەیت، بە رەسمی ناسرام‌و شەرەفی وەرگرتنی بەڵێنی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بە من بڕا".

هەڵویستی یەکێتی نیشتمانیش لەسەر ئەم رووداوە، لە زمانی تاڵەبانیەوە راگەیەنرا، کە ووتی:" پێشتر سەرۆك بۆش پێشوازی لە بەندە کردو ئێستاش لە جەنابی کاك مەسعود"! مەبەستی تاڵەبانی ئەوەبوو بڵێ کە پێش لە بارزانی، سەرۆك بۆش پێشوازی لەو کردووە. ئەمەش رەدکردنەوەی ئەو راگەیاندنەی مەسعود بارزانی‌یە دەربارەی بەرەسمی ناسرانی وەکو رابەریی بزووتنەوەی کوردایەتی!

راگەیاندنەکەی مەسعود بارزانی‌و پڕوپاگەندەکانی پارتی دەربارەی "تەزمیناتەکانی سەرۆك بۆش‌و بەڵێنی دەوڵەتی کوردی" هیچ بنەمایەکی واقعی نیەو تەنها بۆ خۆڵکردنە چاوی خەڵکە. لەبەرئەوەی کە:

یەکەم ئەمریکا تەنها هێزی بڕیاردەر نیە لە عێراقداو رەوەندی سیاسی بەپێی نەخشەی سیاسی دڵخوازی ئەمریکا ناچێتە پێشەوە. بێجگە لەوەش سیاسەتی رەسمیی ئەمریکا تا ئێستا پێکهێنانی دەوڵەت نییە لە کوردستانی عێراق، بەڵکو هێشتنەوەیەتی لە چوارچێوەی عێراقدا. لە باشترین حاڵەتدا رەنگە کارتی دەوڵەتی کوردی ئاخرین وەرەقە بێت کە ئەمریکا، ئەگەر بزانێت لەم قومارەیدا لە عێراقدا دەیدۆڕێنێ، فڕێی بدات! مەعلومیش نییە ئەوکاتە چەندە زەمینەی سیاسی‌و عەمەلی جێبەجێبوونی دەبێت.

دووەم: خودی وەزعی نێوخۆیی بزووتنەوەی کوردایەتیە. ئەم بزووتنەوەیە بەجۆرێك لەناوخۆیدا دابەش بووە کە ئیمکانی ئەوەی نیە وەکو بزووتنەوەیەکی یەکگرتوو ئەهلیەتی دامەزراندنی دەوڵەتی هەبێت. دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی پێویستی بە بوونی هێزێکی سیاسی بەهێز هەیە کە بتوانێ نوێنەرایەتی یەکپارچەیی بەرژەوەندی سیاسی‌و چینایەتی بۆرژوا-ناسیۆنالیستی کورد بکات. نە یەکێتی‌و نە پارتی هیچ کامیان بە تەنیا ئەو ئەهلیەتەیان نییە. زەمینەی سیاسی-

کۆمەڵایەتی و تەقلیدی خەباتی سیاسی"دیموکراسی" لە ململانێی سیاسی و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لەناو بزووتنەوەی کوردایەتیدا نییە کە ئیمکانی ئەوە بەم دو هێزە بدات پێکەوە دەوڵەت دروست بکەن. یان لەسەرەتادا یەکێکیان دەسەڵاتی بەدەستەوە بێت و ئەوی دیکە ئۆپۆزیسیۆن بێت و بنەمای دەستوری ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بە شێوەی سیاسی و ئارام بچەسپێنن، وەیان حکومەتی" وەحدەی وەتەنی" پێك بهێنن و....بەم جۆرە.

بەم جۆرە ئەوەی لەم راگەیاندنەوە دەردەکەوێ ئەوەیە کە مەسعود بارزانی دەیەوێ خەڵکی کوردستان بە دیار نەخشەی سیاسی ئەمریکاوە لە عێراق، وەکو دەورانی گەمارۆی ئابووری لەسەر عێراق، بۆ چەند ساڵی دیکە رابگرێت تا لە چێشتخانەکەی"جەنابی سەرۆك بۆش"و سەرۆکەکانی دیکەی ئەمریکادا"بڕیاری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان" پێدەگات! تا ئەوکاتەش خۆی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەبێت و لەگەڵ حیزبەکەی تاڵەبانیدا بە یەك پەرلەمان و دوو حکومەتی ناوچەییەوە بۆخۆیان خێرو خێراتی کوردستان دەخۆن! خەڵکیش دەبێت هەروەکو ئێستا ئەوان وەکو حاکمی خۆیان قبوڵ بکەن و ئاوو کارەبا و نەوت و بەنزینیشیان نەبێت و خۆپێشاندانیش نەکەن بۆ ئەم شتانە دەنا فیشەکی دەستی پۆلیس و ئاسایشی خۆماڵی تێیان دەگەیەنێت چی بکەن!